کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد جبریلی نارد

لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد جبریلی نارد -علیه السلام- بۆ بەهەشت، فەرمووی: تەماشای بکە چیم ئامادە کردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، ئەویش تەماشای کرد؛ گەڕایەوە، -جبریل- فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت ئەوا دەچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمانیکرد کە دەور بدرێت بە ناڕەحەتیەکان، فەرمووی: بڕۆ تەماشای بکە چیم ئامادەکردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، -جبریل- تەماشای کرد، سەیری کرد دەور دراوە بە ناڕەحەتیەکان، فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی کەس نەچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمووی: بڕۆ سەیری دۆزەخ بکە چیم ئامادەکردووە بۆ ئەوانەی تێیدا -دەمێننەوە-، ئەویش -جبریل- سەیری کرد بینی بەشێکی چووەتە سەر بەشێکی تری، گەڕایەوە فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت کەس نییە سەبارەتی ببیستێت پاشان بچێتە نێویەوە، -پەروەردگار- فەرمانیکرد دەور بدرێت بە شەهوەت وئارەزووەکان، وفەرمووی: بگەڕێوە تەماشای بکە، ئەویش تەماشای کرد بینی دەور دراوە بە شەهوەت وئارەزووەکان، گەڕایەوە فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت لێی -بۆیە- دەچێتە نێویەوە».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي والنسائي) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کاتێک خوای گەورە بەهەشت ودۆزەخی دروستکرد، بە جبریلی فەرموود -علیه السلام-: بڕۆ بۆ بەهەشت و تەماشای بکە، ئەویش چوو و تەماشای کرد پاشان گەڕایەوە، جبریل فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت وئەوەی تێیدایە لە نیعمەت وخێر وڕێزلێنان ئەوا حەز دەکات بچێتە نێویەوە، وکردەوەی بۆ دەکات، پەروەردگار فەرمانیکرد کە دەور بدرێت بە شتە ناخۆش وناڕەحەتەکان لەسەر نەفسی مرۆڤ، ئەمیش واجبەکان ونەهی لێکراوەکان دەگرێتەوە؛ ئەوەی بیەوێت بچێتە بەهەشتەوە پێویستە ئەم ناڕەحەتیانە تێبپەڕێنێت. پاشان خوای گەورە -عز وجل- فەرمووی: ئەی جبریل ! بڕۆ تەماشای بەهەشت بکە، پاش ئەوەی دەوردرا بە ناڕەحەتیەکان، ئەویش چوو وتەماشای کرد، پاشان هات و فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی کەس نەچێتە نێویەوە، بەهۆی ئەو سەختی وناڕەحەتیانەی کە هەیە لەسەر ڕێگاکەی. کاتێک خوای گەورە دۆزەخی دروستکرد، فەرمووی: ئەی جبریل ! بڕۆ وسەیری بکە، ئەویش چوو وسەیری کرد، پاشان جبریل هات وفەرمووی: پەروەردگار، بە شکۆداریت هەرکەسێک سەبارەتی ببیستێت لەوەی تێدایە لە سزا ونـاڕەحەتی وئـازاردان ئـەوا حـەز ناکـات بچێتـە نێـویەوە ولـە هۆکارەکـانی چـوونە نێـوی دوور دەکەوێتـەوە. پاشـان پەروەردگار -عز وجل- فەرمانیکرد بۆیە دەور درا بە شەهوەت وئارەزووەکان، پاشان فەرمووی: بگەڕێوە تەماشای بکە، ئەویش گەڕایەوە تەماشای کرد، فەرمووی: سوێند بە شکۆداریت ترسام لەوەی هیچ کەسێک ڕزگاری نابێت لێی -بۆیە- دەچێتە نێویەوە؛ چونکە دەوردراوە بە خۆشی وئارەزووەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65034